# ئیسلام دینێكی ئاسانە ( 1 )
## باوكی حارث

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه اجمعين اما بعد :

خوای بەرز نیعمەتی زۆرە بەسەرمانەوە كە لە ژمار نایەن وە لەو نیعمەتانەی ئەوەیە كە ئیسلامی بۆ ڕەوانە كردوین و لەو ئیسلامە شتێك نیە لە سەرمان كە لە توانامان نەبێ و سودو قازانجی خۆمانی تێدا نەبێ لە دونیاو دوا ڕۆژ وە خوای بەرز بە ڕەحمی خۆی هیچ فەرزێكی لە سەر دانەناوین لەگەڵ نەتوانین بۆیە ئەو ئیسلامەلە گەڵ فیترەتی مرۆڤ گونجاوەو هەموو كەسێك ئەتوانێ موسڵمان بێ و جێبەجێی بكات بێ جیاوازی دەوڵەمەندو هەژارو پاشاو گەداو خەڵكی سادەو ساكار و زاناو داناو نەزان بە هێزو بێ هێز دیارە ئەوە ئاشكرایە بۆ ئەو كەسەی كەم یان زۆر شارەزای ئیسلام بێت و لە قورئان و سوننەت تێگەیشتبێ بەڵام زۆر جار خەڵكێك بە هۆی نەزانیانەوە یان بەهۆی كەسانێكی نەزانەوە كە بێ بەڵگەو زانستی شەرعی فەتوایان بۆ ئەدەن توشی كێشە ئەبن و هەست بە قورسیەك ئەكەن لە ئەنجامدانی عیبادەتێك یان توشی وەسوەسە ئەبن! وە جاری وا هەیە لە بەر بونی ڕاجیایی لە بەینی زانایان هەندێ عیبادەت قورس ئەبێ لەسەر هەندێ كەس و بە زەحمەت ئەتوانێ بزانێ كام ڕایە حەقەو كامەی پێچەوانەی حەقە ، لەبەر ئەوە من حەز ئەكەم وەك خزمەتێك بە دینەكەم لەم زنجیرە باسە هەوڵ بدەم هەندێ باس ڕوون بكەمەوە كە ئەمڕۆ زۆر كەس بە نەزانی پێی گیرۆدەی زەحمەتی بوون و كەسی واهەیە تەنانەت واز ئەهێنێ لە نوێژ و عیبادەتی بەو هۆیەوە ! ! ! ئومێد ئەكەم لە خوای بەرز كە بەرەكەت بخاتە ئەم نوسینەو نیەتمان پاك بكات و مەبەستمان دەرخستنی جوانی و ئاسانی ئیسلام بێ نەك خۆمان! وە هەر كەسێ لە باسێك سودێكی زیاتری لابێ یان هەڵەیەكی بەرچاو بكەوێ مەمنونی ئەبم بە بەڵگە دەوڵەمەندمان بكات و بۆمی ڕەوانە بكات بۆ ئەوەی باسەكە زیاتر سوود بگەیەنێ .

**( 1 ) دەست نوێژ ناشكێ بە دەست بەركەوتنی ئافرەت یان ماچ كرنی خێزانت!**

( عن عائشة أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قبل بعض نسائه ثم خرج إلى الصلاة ولم يتوضأ ) رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وصححه الالباني واتە : ( لە عائیشەوە رضي الله عنها ئەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هەندێ لە خێزانەكانی خۆی ماچ كردووەو پاشان دەرچووە بۆ نوێژ وە دەست نوێژی نەشۆردووە ) .

لەو فەرمودە بۆمان دەر ئەكەوێ كە نەك هەر ئەگەر بە بێ ئاگایی دەستت بەر خێزانت بكەوێ دەست نوێژت ناشكێ بەڵكو ئەگەر بە مەبەستیش و بە شەهوەتیش دەستت بەر خێزانت بكەوێ دەست نوێژت ناشكێ ئەگەر ماچیشی بكەی دەست نوێژ ناشكێ ئەو فەرمودەش ڕوون و ئاشكرایە .

( عن عائشة قالت : كنت أنام بين يدي رسول الله صلى الله عليه وسلم ورجلاي في قبلته فإذا سجد غمزني فقبضت رجلي وإذا قام بسطتهما قالت : والبيوت يومئذ ليس فيها مصابيح ) متفق عليه واتە : (لە عائیشەوە رضي الله

عنها ئەفەرموێت : من ئەخەوتم لە پێشی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم وە پێیـەكانم لـە ڕووی قیبلەی بوو =لە شوێنی سەجدەی= جا كە سەجدەی ئەبرد بە دەستی ئاگاداری ئەكردم =دەستی لە پێم ئەدا بۆ ئەوەی پـێم لادەم= جا پێیـەكانم ڕائەكێشایەوەو لام ئـەدا وە كـە لـە سـەجدە هەڵدەسـتایەوە پێیـەكانم درێـژ ئەكردەوە وە فەرموی : ئەو ڕۆژانە =ئەوكات= ماڵەكان چرایان تێدا نەبوو ) .

( وعن عائشة رضي الله عنها قالت : فقدت رسول الله صلى الله عليه وسلم ليلة من الفراش فالتمـسته فوقعـت يـدي على بطن قدميه وهو في المسجد وهما منصوبتان وهو يقول : اللهم إني أعوذ برضـاك مـن سـخطك وبمعافاتـك مـن عقوبتك وأعوذ بك منك لا أحصي ثناء عليك أنت كما أثنيت على نفسك ) رواه مسلم واتە : (لە عائیـشەوە رضـي الله عنها ئەفەرموێت : پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وعلى اله وسلم وون كرد لە سەر جێگا نەبوو جا گەڕام بە دوایدا دەستم بە ژێر پێی كەوت وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە سەجدە بوو لە شوێنی نوێژ كردنی پێیەكانی چەقاندبوو وە پێغەمبەری خـوا صـلى الله عليـه وعلـى الـه وسـلم ئەیفـەرموو : اللـهم إنـي أعـوذ برضاك من سخطك وبمعافاتك من عقوبتك وأعوذ بك منك لا أحصي ثناء عليك أنت كما أثنيت على نفسك ) .

لـەم دوو فەرمودەیـەش زۆر بەڕاشـكاوی ئـەوەی تێـدا دەسـت بەركـەوتنی ئـافرەت دەسـت نوێـژ ناشـكێنێ لـە فەرمودەی یەكەم پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە ناو نوێژ دەستی داوەتە پێـی خێزانـی ! لـە فەرمودەی دووەم خێزانی دەستی داوەتە پێی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم لـە نـاو نوێـژیش بووە لەوە بەڵگەی ئاشكرا تر نیە !

دیارە زانایان ڕای جیایان هەیە لەو باسە بەڵام حەق ئەوەیە كە ڕای ئـەو زانایانـە ڕاسـتە كـە ئـەڵێن بـە دەسـت بەركەوتنی ئافرەت دەست نوێژ ناشكێ ئەگەر بە مەبەسـتی شـەهوەتیش بـێ و بـە مەبەسـت بـێ تەنانـەت مـاچ كردنیش! ئەوە مانای ئەوەش نیە كە ڕێزی ئەو زانایانە نـازانین كـە ئـەڵێن دەسـت نوێـژ ئەشـكێ لـە سـەحابەو تابیعیەكان و زانا بەڕێزەكان بەڵكو ئەوە واجبە لە سەرمان قسەی هیچ لایەك فەرز نەكەین بەسەر لایەكی تـر وە دوای ئەوە بكەوین كە بۆمان ئەسەلمێ سابت بووە لە پێغەمبەری خوا صـلى الله عليـه وعلـى الـه وسـلم وە ئـەو فەرموودانەش بۆمان دەسەلمێنێ كە تەفسیری ڕاستی ئایـەتی : ﴿أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ﴾ مەبەسـت پێـی خەوتنـە لەگەڵ ئافرەت نەك تەنها دەست بەركەوتن والله اعلم.